# سینەمای فێمینیستی

نیهاد جامی



سینەمای فێمینیستی سینەمایەکە لەو ڕێگەیەوە گرفت و کێشەکانی ژن لەناو کۆمەڵگا خستۆتە ڕوو، ئەو سینەمایە یەکێك لەبنەما سەرەکیەکانی وەستانە لەسەر توندو تیژی پیاو لەبەرامبەر ژن، چەوساندنەوەی ڕەگەزی و بەپەراوێز خستنی ژن لەکۆمەلگادا بابەتە سەرەکیەکانی ئەو سینەماییە.
سینەمایەك نیە نە تایبەت بێت بە کۆمەڵگایەك و نە بە ستایلێکی هونەری، بەڵکو هەر دەرهێنەرێك بەپێی ئەو چەوساندنەوە کۆمەڵایەتیەی ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژییێت کاری تیا دەکات، بۆیە ئەو کاتەی بەدوای ئەو سینەمایە لە فیلمی ئێرانی بگەڕێین، دەبێ ئەوە بەهەند وەربگرین کە ئەو سینەمایە لەناو پاشخانێکی کولتوری فارسەوە کە تێکەڵەیەکە لە مێژووی سەفەوی و عەجەمی و ساسانی و دواتر بە دوو قۆناغی جیاواز یەکەمیان سەردەمی شا و ئەویتریش سەردەمی کۆماری ئیسلامیە، ئەوەی دواتریان چەندە کاریگەری هەیە لەسەر بیرکردنەوەی سینەماکار، بەڵام ئەو ژیارەی کۆمەڵگا توانیویەتی لەپشت ڕەخنە و بیرکردنەوەی هونەرمەندەوە ئیش بکات.
فیلمەکانی (تەهمینە میلانی، سەمیرە مەخمەلباف، مشکینی تەلائیعی، هەدیە تەهرانی) بەبەرهەمەکانی ئەو سینەمایە دادەنرێت، ئەوە جگە لەو دەرهێنەرە پیاوانەی کە کێشەی ژنیان بەهەند وەرگرتووە، کە ناکرێ دوو فیلم لەخەیاڵی خۆمان بکەینە دەرەوە و ئاماژەیان بۆ نەکەین، ئەوانیش (بازنە) ی جەعفەری پەناهی و (خانم) ی داریوش مەهرجوئیە.
هەریەك لەو سینەماکارانە بەشێوەی جیاواز سەیری کێشەی ژنیان کردووە، بەڵام ئەوەی هەمووان لەسەری کۆك دەبنەوە شوبهاندنی ماڵ (کۆمەڵگا) یە بەزیندانێك بەدەستی پیاوانەوە، کە ژن لەو کارە چەندە دەچەوسێنرێتەوە، بەڵام خۆشی بێگوناھ نیە تیایدا وەك لە فیلمی (زیندانی ژنان) ی مونیزەی

حیکمەتی، کە لادانی هەرزەکاران بەهۆکاری توند و تیژی دەبینێت، ئەگەرچی ئەوە فیلمێك نیە دەسەڵاتی پیاوسالاری دەوڵەت خۆشحاڵ بکات، چونکە ئەو فیلمە بۆ ماوەی دووساڵ ڕێگای نەدرا لەناو ئێران نیشان بدریٚ، ئەوە لەپاڵ ئەو هێرشەی هەندێك لەڕۆژنامەکان لەدژی ئەو سینەمایە دەینووسن، بەوەی سینەمای ئێرانی لەڕێگەی کێشەی ژنەوە خۆی دەیخاتە ژێر کاریگەری سینەمای خۆرئاوایی و هندی، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕەخنەگرانی سینەما ناتوانن بە ئاسانی نکوڵی لەسینەمای فێمێنیستی ئێرانی بکەن، ئێمە لەبارەی ئەو سینەمایە دەمانەویٚ لەسەر دوو لەو دەرهێنەرانە بووەستین، ئەوانیش (تەهمینە میلانی) و (سەمیرە مەخمەلباف)ن، ئەوەی دواتریان لەتەوەری داهاتووی ئەو لێکۆڵینەوەیە قسە لەبارەی ستایل و ڕوانین و دیدگای هونەری و کاریگەری ئەزمونی پێشوو لەسەری دەکەین، هەرچی ئەوەی تریان تەهمینە میلانیە ئێستا لەسەر یەکێك لەبەرهەمەکانی دەوەستین ئەگەرچی ئەو تەواوی فیلمەکانی لەبارەی کێشەی ژنەوەیە، بەتایبەت لەڕووی چەوساندنەوەی ڕەگەزی و ڕاکردنی ژنان لەماڵەوە کە ئە وە کێشەیەکی دیاری ماڵی ئێرانیە، کە بەکێشەی ڕاکردنی کچان لەماڵەوە ناوبراوە، بەڵام ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین لەسەر لوتکەی داهێنانەکانی ئەو هونەرمەندە بووەستین کە فیلمی (دوو ژن) ە.

فریشتە و روئیا دوو کچە خوێندکاری زانکۆن، هاوڕێی نزیکی یەکترین، ئێمە لەسەرەتای بینیمان بەچیرۆکێك ئاشنا دەبین کە مێردی فریشتە لە نەخۆشخانەیە و روئیاش ئەندازیارە و لەماڵێکی بەختەوەری هاوسەریدا ژیان دەباتە سەر، هەرچی پەیوەندیی بە ڕابردووی هاوڕێیەتی و ناخۆشیەکانی ژیانی فریشتەیە لەڕێگەی یادەوەریی کچەکانەوە دەیبینینەوە، یادەوەریەك پێمان دەڵێت گەنجێکی عاشق دەبێت سەرچاوەی نەهامەتی و کارەساتەکانی فریشتە، تا دەگاتە ئەوەی لەماڵەوە ناچار دەکرێت مێرد بەپیاوێکی تر بکات کە بە قەوڵی کابرا ئابروی ئەوانی کڕیوەتەوە، گەنجە شێتە عاشقەکەش دوای ئەوەی سیانزە ساڵ لە زیندان تەواو دەکات بەهۆی ئەوەی بەماتۆر منالێك دەکوژێت کاتیٚ بەداوی کچەوەیە، کە لە زیندانیش دێتە دەرەوە یەخە بە فریشتە دەگرێتەوە، ئەوە لەکاتێکدایە فریشتە لەماڵەوە لەدەست مێردەکەی ڕایکردوە، چونکە مێردەکەی گومانی پەیوەندی تری لەژنەکەی هەیە و ڕێگای خوێندنی لیٚ دەگرێت، سەرباری ئەوەی کەدوو منالێیان هەیە، بەڵام دەیەویٚ ژنەکەی بکات بە کۆیلەی ماڵ وەك ماتریالێکی ناو ماڵ تەماشای بکات، سەرەنجام گەنجەکە چەقۆیەك لەسنگی مێردەکەی دەدات و لەکۆتاییدا مێردەکەی دەمرێت.

دەرهێنەر لەرێگەی ئەم چیرۆکەوە دەیەویٚ لەسەر زۆر رەهەندی ناو ژیانی کۆمەڵگاکەی بوەستێت بەڕادەی ئەوەی نایەویٚ زۆر ڕووداو هەیە بەهەند وەری نەگرێت، لەنمونەی خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆ و پەکەوتنی زانکۆ بۆ ماوەیەك، کە ئەو ڕووداوە بەلای سینەماکارانی ئێرانیەوە بابەتێکە لەچەندین فیلمی تریش ویستراوە ڕۆڵی ئەو نەوە نوێیەی تیا بخرێتە ڕوو کە دەیەویٚ دەسەڵات گۆڕان لەخۆیدا بکات.

دەرکەوتنی گەنجە عاشقەکە ڕووداوەکانی  تر دەکات بەلاوەکی بەوەی هێلی سیناریۆکە زیاتر لەسەر ئەو کارەکتەرە بەهێز کراوە ئەوەش مەبەستێکی سەرەکی فیلمەکەیە بەوەی تاکە پیاوێك دەتوانێ بەختەوەری کچێك بشێوێنێت و نەیەڵێ بۆ  داهاتووش ئاسوودە بێت.

ئەگەرچی تێڕوانین و داکۆکی کردنی پیاوەکەشی فەرامۆش نەکردووە بەوەی ئەویش قسەی خۆی هەیە، دەڵێت"لەناوت بردم ئەمویست بتهێنم نەتهێشت" بەڵام وون نەکردنی دەنگی عاشقە نێرەکە گرنگ نیە، بەڵکو وەڵامی فریشتە کە دەبێتەوە ئاماژەیەك بۆ وەك یەك بوونی گوتاری پەتریارکی کەهەموان بەربەست درووست دەکەن لەوەی ژیان و ئازادی زەوت دەکەن، ئەگەر ئەو نەیهێشتبێت گەنجەکە بەختەوەر بێت ئەوە لەپاڵ ئەودا ئەوانیش پیاوان نەیانهێشتوە ئەو بژیێت و خەونەکانی بێنێتە دی"هیچ کامتان نەتان هێشت.. باوکم نەیهێشت.. تۆ نەت هێشت.. مێردەکەم نەیهێشت؟ هەربۆیە کاتێ لەماڵ دەردەچێت و مێردەکەی بەدوای دەکەوێت لەو سەری کۆڵانەکەش گەنجە شێتەکەش دوای کەوتووە، بۆیە ڕاکردن لەوێدا ڕاکردن نیە لەتاکە کارکتەرێکەوە بەڵکو ڕاکردنی ژنە لەدەست پیاو، دەرهێنەر ئەو ڕاکردنە دەکات بەگوتارێکی فێمێنیستیانە بەوەی ئەو ڕاکردنە لەدەرەوەی هۆشیاریەوە نیە بەڵکو لەناو ئاگایی ئەو ڕەگەزەوە سەر هەڵ دەدات، چونکە فریشتە بەر لەوەی ماڵەکە بەجێ بێلێت ئەو کاتانەی مێردەکەی خوێندنەوەی کتێبی لەماڵەوە لێ قەدەغە کردوە ئەو گونییەك کتێب بە مێردەکەی نیشان دەدا و پێی دەڵێت"وائەزانی ئەتوانی ڕێگە لەکەسێکی خوێنەوار بگری"

بۆیە کاتێ هەواڵی مردنی مێردەکەی دەبیسیتین ئێمە لەڕێگەی دەیالۆگ گۆڕینەوەی ئەو دوو دەستە خوشکە بەوە دەگەین کە مردنی مێرد ئازادبوونی فریشتەیە، دەسپێکردنەوەیە بۆ ژیانێکی نوێ، ئەگەرچی دەزانێ ئەوانە بۆ ئەو زەحمەتیەکی زۆری دەوێت، هەر بۆیە خۆی بە باڵندەیەکی بێ باڵ وەسف دەکات، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا بیرۆکەی چەندین پڕۆژەی وەکو چوون بۆ خولی کۆمپیوتەر و مەشقی سەیارە و سەرلەنوێ چونەوە بۆ خوێندنی زانکۆ، ئومێدێکی ترە بەوەی ژن بۆ ڕزگار بوونی دەبێت بەشداری لەبنیاتنانەوەی کۆمەڵگا و هۆشیاری خۆی و ئابوری سەربەخۆ بکات، ئەوەش پرۆسەیەکە بەبەشداری  ناوی دەبەین نەك دابڕان. باشترین نمونەش مێردەکەی روئیایە کە پیاوێکە، بەڵام لەدەرەوی دەمارگرژیەتی ڕەگەزیەوە دەیبینین، بەڵکو وەك کارەکتەرێك دەیبینین کە بەشێکە لەناو گوتاری فێمێنیستی و ژیان بەو شێوەیەش بەلایەوە جوانە کە خۆشەویستی و بڕوابوون بەیکتری تیابێت، دوور لەکۆتی کۆمەڵایەتی، بەڵکو وەك ئەوەی هەیە سەیری شتەکان دەکاتەوە، ئەوەش هەر تەنیا سوود بەخۆی ناگەیەنێت بەڵکو بەشداری لەگۆڕینی هۆشیاری کۆمەڵایەتیش دەکات.